### مۆدێلی حوکمڕانی ئیتیحادی لە عێراق شکستی هێناوە

# ئاژانسی ڕۆیتەرز: یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبێتە خەون

**خەبات: زانکۆ جاف**

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات، ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، دوای نۆ مانگ شەڕی سەخت، دەگاتە کۆتایی و شارەکە بە تەواوەتی کۆنترۆڵ دەکرێتەوە، بەڵام مووسڵ بە وێرانی دەگەڕێتەوە دەست عێراقییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ململانێکان لە بارەی داهاتووی عێراق، کۆتاییان نەهاتووە و هیچ پلانێکیش بۆ بەڕێوەبردنی مووسڵ نییە لە دوای داعش.

لەگەڵ ئەوەشدا، مۆدێلی دەسەڵاتی ناوەندی ئیتیحادی، کە دەسەڵات لە عێراق بەسەر پێکهاتەکانی شیعە، سوونە و کورد دابەشکران و لەلایەنی بەریتانیا و ئەمەریکاوە سەرپەرشتی کرا، شکستی هێناوە و عێراق بە شەپۆلێکی ململانێیی توندی تایەفیدا ڕەتبوو، هەوڵەکانی کوردیش بۆ سەربەخۆیی، وایکردووە یەکچارچەیی عێراق ببێتە خەون.




### عێراقی دوای داعش

یەکێک لە ئاستەنگەکانی دوای جەنگ، داهاتووی مووسڵە، کە سێ ساڵی بەدەست فەرمانڕەوایی داعش ناڵاندوویەتی، لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکەش، مووسڵ بە تەواوەتی وێران بووە و هەزاران کەس کوژران و نزیکەی ملیۆنێک دانیشتووی شارەکە، ئاوارەبوونە. بەرپرسانی ڕۆژئاوا و کورد و عێراقییەکان باس لەوە دەکەن، ئەوان سەریان لەوە سوڕماوە، دەسەڵاتدارانی عێراق هیچ پلانێکیان بۆ فەرمانڕەواییکردن و ئەمنییەتی شارەکە نییە لە دوای داعش، هەرچەندە پێشتر چەند جارێک مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دووپاتی لەوە کردووەتەوە، پێویستە ڕێککەوتنی سیاسی بۆ مووسڵی دوای داعش هەبێت.

### ئایندەی مووسڵ

هەروەها دەگوترێت هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا، لیژنەیەکی باڵای هاوبەشیان پێکهێناوە، بۆ ئەوەی هاوکاربن لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ، بەڵام تا ئێستا ئەو لیژنەیە کۆنەبووەتەوە. ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتەکەیدا بڵاویکردووەتەوە، هۆشیار زێباری، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێگەیەکی دیاری هەیە و پێشتر لە هەردوو پۆستی وەزیری دارایی و وەزیری دەرەوەی عێراق بووە، دەڵێت: حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پرسەکە پشتگوێ دەخات و هەر جارێک باسی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵدا دەکەین، دەڵێت با چاوەڕێ بکەین تاکو پرۆسە سەربازییەکان کۆتاییان دێت. هەروەها دەڵێت: مووسڵ بە تەواوەتی وێران بووە، سەرنج بدەنە بەشداریکردنی حکوومەتی بەغدا، وەک ئەوە وایە هیچ پەیوەندییەکی بەو شارەوە نەبێت. لەلایەکی دیکەوە، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولی ئەمساڵ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دەبێتە پرسێکی دیکەی نێوان هەولێر و بەغدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی باڵای هەرێم دووپات لەوە دەکەنەوە، بە ڕێگەی ئاشتەوایی و گفتوگۆ ئەو پرۆسەیە بەڕێوەدەچێت.

### میلیشیا شیعەکان

بە گوێرەی ڕۆیتەرز، یەکێکی دیکە لە کێشەکانی داهاتووی ناوچەکە، جموجۆڵەکانی میلیشیا شیعەکانە کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتییان دەکرێت و لە ژێر ناوی حەشدی شەعبی کۆبوونەوەتەوە، بەناو حکوومەتی عێراق سەرپەرشتییان دەکات، بەڵام بە ویستی ئێران لە ناوچە کوردییەکان نزیک بوونەتەوە و بەرەو سنوورەکانی سووریا درێژدەبنەوە، ئەمەش بۆ دامەزراندنی ڕێڕەوێکی زەمینییە لە تارانەوە بەرەو بەیروت. لەم چوارچێوەیەدا، هەفتەی ڕابردوو، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، گەورە ڕاوێژکاری ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران گوتی: ئەمڕۆ ڕێگەی بەرگری خێرا دەستپێدەکات، لە تارانەوە دەگاتە مووسڵ و لەوێشەوە بەرەو دیمەشق و بەیرووت. هەموو ئەو ململانێیانە لەنێوان دوو هێزی هەرێمی ناوچەکەن، کە ئێران و تورکیایە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەژموونی ئەمەریکا کشاوەتەوە دواوە و ئێرانیش لە هەوڵی چڕدایە بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی زیاتر لە عێراق بسەپێنێت.

### بێ ڕۆڵی سوننەکان

سەرکردەکانی کورد و سوننە لە مووسڵ و دەوروبەری، بە گومانەوە لە داهاتووی مووسڵ دەڕوانن و نیگەرانن لەوەی عەبادی بەردەوام گفتوگۆی داهاتووی مووسڵ دوادەخات و گومانییان لەوە هەیە ئێران لە ڕووی مەیدانییەوە، کارەکان هەڵدەسووڕێنێت، نەک عەبادی. ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی نەینەوا ڕایگەیاندووە، ساڵی 2014 کاتێک داعش مووسڵی داگیرکرد، گەڕاینەوە شوێنێک کە نەیاندەویست ئەو ناوچانە ئازاد بکرێنەوە. نوجێفی دەشڵێت: تا ئێستا هیچ پلانێک بۆ مووسڵی دوا داعش نییە و بەغداش هیچ بوارێکی نەداوە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی داهاتووی مووسڵ. نوجێفی باس لەوە دەکات، شیعەکان لە ناوخۆدا بوونەتە دوو باڵ، باڵێکیان سەرکردە توندڕەوەکانن و دەیانەوێت لەسەر بنەمای سەرکەوتن لە شەڕی مووسڵ مامەڵە بکەن و دەیانەوێت مەرجەکانی خۆیان بەسەر مووسڵ و ناوچە ئازادکراوەکاندا بسەپێنن، ئەو باڵەش ئێران پاڵپشتییان دەکات. بە گوێرەی نوجێفی، باڵەکەی دیکەش، میانڕەوترن و لەوە تێگەیشتوون ئەو کارە ئەستەمە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندڕەوی لە عێراق و وەک ئاماژەی بۆ دەکات، عەبادی لە باڵی میانڕەوەکانە. ئەسیل نوجێفی، ئێستا سەرکردایەتی هێزێکی چەکدار دەکات، کە لەلایەن تورکیاوە مەشقییان پێکراوە، وازی لە پۆستی پارێزگاری هێناوە، بەڵام دەستبەرداری سیاسەت نەبووە و دەڵێت: سەرکردە سوننەکان بەدەست لاوازییەوە دەناڵێنن، تەواوی سەرکردە بەهێزەکانی سوننە پەراوێزخراون و لە گۆڕەپانی سیاسی دوورخراونەتەوە یان لەلایەن دادگاوە داواکراون.

### کیانێکی سەربەخۆ بۆ سوننەکان

سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆی لە بارەی پرسێکی دیکە هێناوەتە ئاراوە، ئایا سوننەکان دەوڵەتی عەرەبی سوننە دادەمەزرێنن یان نا، کە ئەمە لە ڕووی کردارییەوە گونجاو نییە، بەو پێیەی تا ئێستا داعش هەڕەشەیە بەسەر کیانە تازە دروستبووەکان و ناوچە سوننە نشینەکانی عێراقیش، بە دەست هەژارییەوە دەناڵێنێت و سوننەکان لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای عیراق نیشتەجێن. بە گوێرەی سەرکردەکانی کورد و سوننە، یەکێک لە چارەسەرەکان ئەوەیە، مووسڵ بکرێتە ناوچەیەکی حوکمی زاتی وەک هەرێمی کوردستان، لەگەڵ یەکەی خۆڕێبەری دیکەی بچووک، بەشێوەیەک پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە بتوانن فەرمانڕەوایی ناوچەکانییان بکەن، کە دەستووریش ڕێگەی پێداوە. هۆشیار زێباری بۆ ڕۆیتەرز دەڵێت: پێشتر سوننەکان هەستیارییەکی زۆرییان هەبوو لەوەی دەسەڵات بگوازرێتەوە یەکە خۆڕێبەرییە بچووکەکان و پێیان وابوو ئەو کارە دەبێتە هۆی جیابوونەوە و دابەشبوونی عێراق، بەڵام ئێستا ئەوەیان قەبووڵە.

### سەربەخۆیی کوردستان

سوونەکان بە تەنها نین کە دەسەڵاتی حکوومەتی بەغدا ڕەتدەکەنەوە، کە لەژێر هەژموونی شیعە و ئێراندایە، هەرێمی کوردستانیش ئەو هەژموونە ڕەتدەکاتەوە، هاوکات کورد هەوڵ بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەدات بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی، لە حوکمی زاتییەوە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لەم چوارچێوەیەدا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە، نەرمییەک لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە دوای ڕیفراندۆمدا هەیە، بەڵام ماوەیەکی بێسنوور نییە و دیاریکراو دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گومانی زۆر لەوە هەیە، مەبەستی ڕاستەقینەی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەی خێرا بێت لە عێراق، بەڵکو کورد هەوڵی زیاتر بۆ گەڕاندنەوە و وەرگرتنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەدات، کە بە نەوت دەوڵەمەندە، بە تایبەتیش شاری کەرکووک، کە ماوەی 10 ساڵە باس لە چارەنووسی دەکرێت. هۆشیار زێباری، کە بەرپرسێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانە و ماوەی 10 ساڵ لە بەغدا بوو، دەڵێت: ئێستا کاتی سەربەخۆییە. زێباری بۆ ڕۆیتەرز دەڵێت: هیوا و متمانەمان لە دەستداوە لەو عێراقە نوێیەی کە ئێمە بنیاتمان نا، حکوومەت ئێمەی بێهیوا کرد لە هەموو ئەو بەند و ماددە دەستوورییانە بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی نوێ، تێیدا هاووڵاتییان یەکسان بن، جیاوازی لە نێوان کەسدا نەکرێت و هاوبەش بن، بەڵام هەموو ئەو خەونانە ڕەوینەوە. زێباری دەشڵێت: کێشەکە ئەوەیە بەرپرسە باڵاکانی ئێران، هیچ گومانێکیان نەهێشتووینەتەوە کە کاری لە پێشینەی ئەوان دامەزراندنی ڕێڕەوێکە بۆ هێزە شیعییەکان لە ڕێگەی باکووری عێراقەوە، کە خۆیان سەرپەرشتی بکەن. هەروەها دەڵێت: ئەوان بە درێژایی هێڵی سەنگەری کورد لە شنگالەوە تاکو خانەقین بوونیان هەیە، بەڵام ئێمە لەسەر دۆخەکە ئاراممان گرتووە و هەماهەنگیمان کردووە، بۆ ئەوەی هیچ گرژی و ناکۆکییەک ڕوونەدات.

---

## بەرەو 25ی ئەیلوول بۆ دیاریکردنی چارەنووس



**بەکر کەریم حەسەن**

چاکەخوازی کۆمەڵایەتی و چالاکوانی ئەمریکی سوزان ئەنتۆنی دەڵێ: سەربەخۆییمان دەبێتە سەرچاوەی خۆشییەکانمان.

گومانی تێدا نییە هەر سەربەخۆیی بوونێک لەسەر ڕووی زەوی خاوەنداریێتی ڕەهایی خۆی هەیە بە سەر شتەکانتدا، کوردستانیان کەوا بەرەو ڕیفراندۆم هەنگاو دەنێن سات لە دوای سات لە ڕێکەوتی 25ی 9 نزیک دەبینەوە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مێژوویی دەبێت بۆ هەموو کوردێک و بۆ هەموو کوردستانییەک، چونکە لەو ڕۆژەدا خۆت بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆت و میللەتەکەت دەدەی کەوا چەندین ساڵە بە ئاگر و بە ئاسن دەکوژرێ و دەربەدەر دەکرێی، ئەنفاڵ دەکرێ و خاکی خۆتت پێ ڕەوا نابینرێ، هەزاران شەهیدت داوە بۆ مانەوەت لە کوردستانت، بۆ ژیانت بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانت، کەچی ئێستا چارەنووسی خۆت لە دەستی خۆت دایە، ئایا دەتەوێت هەر بە ژێردەستەیی و لەگەڵ عێراقێک بژی کە خۆی سەربەخۆ نییە ، یانیش دەتەوێ وەکو کوردستان سەربەخۆ بژیت، بێگومان خۆت بڕیاردەدری و گلەییش لە کەس ناکرێ ئەو گشتپرسییە دەبێتە بەڵگەی دیکۆمێنتاری بۆ سەدان ساڵی تریش بۆ مێژوو و خەباتی کورد.

ئەوەی گرنگە و من دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم پەیوەندی گشتپرسی بە پەروەردەوە چۆن قوتابی ساڵانی چوونە قوتابخانەی بە هەر نمرەیەک دەرچووبێت ئاساییە لە نێوان 50تا 100 بەڵام پۆلی دوازدەی ئامادەیی هەر نمرەی دەرچوون بەس نییە، بەڵکو بە پێی نمرەکەت کۆلێژەکان داوات دەکەن، گەر نمرەکەت لە 90 سەرووتر بێت بە ئارەزووی خۆت لە کام زانکۆ و کۆلێژ بتەوێ لەوێ وەردەگیرێیت بە شانازییەوە، بەڵام گەر نمرەکەت لە دەوروبەری 60 بێت ئەوا هەلی وەرگرتنت لە زۆربەی زانکۆ و کۆلێژەکان دەفەوتێت و وەرناگیرێیت، ئەو نمرەیەی قوتابی پۆلی دوازدە دوا نمرەی قوتابخانە و پەروەردەیە لە هەمان کاتیشدا نمرەی وەرگرتنیەتی لە زانکۆ و خوێندنی باڵا.

بەهەمان شێوە ئەنجامی گشتپرسی ئەنجامی یەکلاکەرەوەیە بۆ مانەوەت لەگەڵ عێراق یان هەنگاونانت بەرەو دەوڵەتی کوردستان، کوردستانی سەربەخۆ لە هەموو ڕوویەک و باوەڕپێکردنێکەوە و خاوەن هەموودەستکەوتێک، وە ئەنجامی گشتپرسی وەکو بەڵگەنامەی مێژووی دەمێنێتەوە کە مایەی شانازی هەموو کوردێکە لە پێش هەموویان خوێنی شەهیدان و منداڵ و کەسوکاری شەهیدان پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان ئەوانن قوربانیان داوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەر ئەوانیشن زیاتر مافیان هەیە لە سەر کوردستان.

لێرەوە گرنگە وەزارەتی پەروەردە لەم دوو مانگەی ماوە بە چڕ و پڕی هەنگاوی بوێرانە و نیشتیمانیانە دەرفەتی پەروەردەیی و فێرکردن و ووشیارکردنەوەی تاکەکان زیاتر بڕەخسێنێ، هەڵمەتی ووشیارکردنەوەی تاکەکان لە ئەستۆ بگرێ، چونکە تەنها هەڵبژاردنێک نییە بۆ دیاریکردنی لایەنە سیاسیەکان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت، بەڵکو دیاری کردنی چارەنووسی میللەتێکی خاوەن زۆرترین شەهیدە بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی پێشمەرگە قارەمانەکان نادیدە نەگرین نیشتیمانیانە و نەتەوەییانە بێنینە گۆڕەپان دوور لە خۆ هەڵکێشان و خۆبادان و قسەی باق و بریق و ڕستەی ڕەنگاو ڕەنگ.

پەروەردە کە تێکەڵ بە هەناوی هەموو خێزان و کۆمەڵگا بووە لە ڕێگای پەروەردە وە بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو بەردەوام و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی قۆناخەکە و خۆ بەخاوەن زانینی پرۆسەکە هەڵمەتی ووشیارکردنەوە و گرنگی و بایەخی بەشداری کردن لە گشت پرسی و دەنگدان بە بەڵێ بکرێتە پرۆژەیەکی ئیشکردنی بەردەوام لەمیدیاکان لە قوتابخانەکان و مامۆستا و قوتابیان کە بەشداریکردن لە ڕۆژی 2017/9/25 وەچەرخانێکی مێژوویی و نەتەوەیی میللەتی کورد دەبێت لە هەمان کاتیشدا نەخشەدانان دەبێت بۆ درووستکردن و بیناتنانی دەوڵەتێک بۆ قوتابییە خۆشەویستەکانمان و منداڵانی شەهیدەکانمان کە ئەوان چاوەڕێ ئێمە دەکەن پایەکانی دەوڵەتی کوردی بۆیان درووست بکەین، ئەگینا دەکەوینە بەر نەفرەت لێکردنی ئەوان کە مافیان بەسەر ئێمەوە هەیە، چونکە ئەوان ئایندەن و بەڵام ناتوانن بەشداربن لەم گشتپرسییە و هاوکات ئێمەین ئەمانەت پارێز و خاوەن ئیرادە، بۆیە دەبێ بەئیرادەی خۆمان ئەمانەتەکەیان بۆ بپارێزین کە ئەوان چاوەڕێ دەکەن.

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر**

---

## تکایە کارتی نیشتیمانی ڕاگرن



**بەرهەم شێخ عزەدین**

شاراوە نییە کۆمەڵگەی عێراقی لەوەتەی هەیە کلتووری ڕق و کینەو تۆڵەسەندنەوەی تێدا دەبینرێ وپیادە دەکرێ لە جێی گفتوگۆ و یەکسانی، بێگومان ئەمەش نەک زەمینەی نییە بۆ بوونی کۆمەڵگەی شارستانی و مەدەنی، بگرە زۆریش دوورە لەبنەمای بوونی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ. چونکە دواتر ڕەگەزپەرستی و خێڵ و تایەفەگەری دژ بەو دیموکراسییەتەن کە کۆمەڵگەی جیهانی بانگەشەی بۆ دەکات، دەمەوێ لێرەوە دوو قسە لەسەر سەربەخۆیی بکەم.

ئێستاکە گەلی کوردستان بەڕابەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی و پاڵپشتیکردنی گەلی کوردستان و ئەو لایەنە سیاسییە خەباتگێڕانەی، کە ساڵانێکە خەبات بۆ ڕەوڕەوەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، خەریکە شەمەندەفەری سەربەخۆیی دەکەوێتە ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی، بێگومان لای هەموو جیهان و خەڵکی خۆشمان ڕوونە، ئەو شەمەندەفەری سەربەخۆییە سووتەمەنیەکەی قوربانیی و خوێنی گەلی کوردستان و ئەو قارەمانانەیە، کە گیانی خۆیان لەپێناویدا فیدا کرد، خاڵێکی دیکەی بەهێزی خێراتر ڕۆیشتنی کاروانی سەربەخۆیی، خودی حکومەتی عێراقە، کە ماڵی ئاوابێت بە زۆر دەرمان دەکات و پێمان دەڵێ بڕۆن ماڵی خۆتان بکەن! دەمێکیشە هەنگاوی کردارەکی بۆ دەرکردنمان هاوێشتووە، ئەوەتا لە ڕێگای بڕینی قوتی خەڵکی ئەم کوردستانە بەشمەینەت و خێرلەخۆ نەدیوە، ئێ خۆ ناحەقیشیان نییە، ئەوان دەزانن کە عێراق وڵاتێکی پارچە پارچە بووەو بەزۆر بە یەکەوە لکێندراوە، وەلێ ئەوە بەشێک لە کوردی بە سۆز و بە بەزەییە، کە دەیەوێت عێراق بە یەک پارچەیی بمێنێتەوە و سەروەری عێراقی لا مەبەستە، ئەوە نییە لەسەروبەندی لێکجیابوونەوەو داواکردنی مافی خۆشمان بە زۆر هاوڵاتییانمان دەکەینەوە بە عێراقی و کارتی نیشتیمانی عێراقی خۆشەویستییان بۆ دروست دەکەین!

بەڕاستی بەلامەوە سەیرە، لە کاتێکدا ئێمەمانان داوای سەربەخۆیی دەکەین کەچی هاوڵاتییانمان بەزۆر دەکرێنەوە بە عێراقی! تۆ بڵێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگای لە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان نەبێت بۆ سەربەخۆیی؟!

بڕوا ناکەم بێ ئاگابن، چونکە ئەوێ ڕۆژێ سەرۆک و جێگری لەو کۆبوونەوەیە بوون کە بڕیار لەسەر ئامادەکردنی ڕیفراندۆم درا بۆ سەربەخۆ بوون، ئەی دروستکردنی کارتی نیشتیمانی لە پای چی؟ باشە بڵێ بۆچی دەیانەوێ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە زۆر بکەنەوە بە عێراقی و هاوکات دەسەڵاتخوازانی ئەمڕۆی عێراقیش بێن و بە حەزو ئارەزووی نەزۆکی خۆیان بەعس ئاسا بە هاوڵاتی پلە دوو حسابیان بۆ بکات!

ئەرێ چ خەبەرە ئێوە بێن و بەم ئاخیری ئوخورە لە ئان و ساتی ئیعلانی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و دەوڵەتداریدا کارتی نیشتیمانی عێراقی بە باڵای هاوڵاتیانی هەرێمەکەماندا ببڕن؟!

بڵێی ئەم ماستە موویەکی تیانەبێت! من نازانم با حکومەت بێتەگۆ و وەڵام بداتەوە، وەلێ من بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم داوا بکەم وپڕ بەگەرووم هاوار بکەم و بڵێم: من سەربەخۆییم دەوێت سەربەخۆیی، تکایە بەزۆر مەمکەنەوە بەعێراقی!

من کوردستانیم، تکایە کارتی نیشتیمانی عێراقی واتا ناسنامەی عێراقی ڕابگرن و بمانکەن بەکوردستانی، نەک عێراقی! دڵنیام ئەگەر بێت و ئەم پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەی نیشتیمانی عێراق لە کوردستان بەردەوام بێت، هاوڵاتیان حەقیانە بڵێن: سەربەخۆیی بەشەرتی عێراقی بوون!.

---

## کلچدارئۆغلۆ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە 2019دا خۆی کاندید ناکات



سەرۆکی گشتیی جەهەپە کەمال کلچدارئۆغلۆ ئاماژەی بەوەدا کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە 2019دا خۆی کاندید ناکات و گوتی، "من کاندیدی پیاو یان ژنم دەوێت لە دەرەوەی پارتەکاندا.

سەبارەت بە بۆچوونی کاندیدکردنی سەرکۆماری پێشووی تورکیا عەبدوڵڵا گول وەک ڕکابەری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەلایەن ڕۆژنامەی دەر شپیگڵی ئەڵمانیدا پرسیار لە کلچدارئۆغلۆ کرا و لەوەڵامدا گوتی، پێویستە عەبدوڵڵا گول خۆی بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی بدات. بەڵام لەئێستادا کە دوو ساڵی ماوە بۆ هەڵبژاردن، من ئەو هەڵەیە ناکەم ناوێک بدەم. لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا کە ئایا خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار کاندید دەکات؟ کلچدارئۆغلۆ گوتی نەخێر، من کاندیدی پیاو یان ژنم دەوێت لە دەرەوەی پارتەکاندا.